## پاکانەکردن لە نەزار خەزرەجی پاکانەکردنە لە تاوانەکانی هەڵەبجە و ئەنفال

### شاخەوان شورش

(INA) ئای ئێن ئەی لایەنێکی سەر بە ئۆپۆزیشیۆنی عێراقی نامەیەکی ئاراستەی مینیستەری دادی دانیمارکی کردوە، تیایدا باس لە بێتاوانی، پیاوچاکی و گرنگی کەسایەتی نەزار خەزرەجی دەکا. هەروەها مینیستەری داد وریا دەکاتەوە لەوەی کە دادگاییکردنی ژەنەراڵی تاوانبار دەبێتە هۆی ترساندنی ئەفسەر و ژەرەناڵەکانیتر لەوەی کە بەرەو دەرەوەی عێراق ڕابکەن.

پارتی و یەکێتی، هەردوو پارتی دەسەڵاتداری خوارووی کوردستان نزیکەی هەمان هەڵوێستیان هەیە لەمەڕ نەزار خەزرەجی. هەردوولایان مینیستەری دادی دانیمارکیان ئاگادار کردووەتەوە لەم هەڵوێستەیان.

جارێ لەپێشدا پێویستە بگوترێ، ئەو بەڵگانە یا پاکانەکردنانە بێتاوانی نەزار خەزرەجی ناخەنەڕوو و بەڵگەیەکی یاسایی نادەنەدەست کە بێتاوانی ژەنەراڵی ناوبراو بسەلمێنێ. بەڵام ئایا نەزار خەزرەجی تاوانبارە؟ یەکێتی و پارتی بەچی چاو و ڕوویێک بەرگری لە نەزار خەزرەجی دەکەن؟

نەزار خەزرەجی لە سەرەتای هەشتاکاندا سەرۆکی فەیلەقی یەک بووە، لە ساڵی ١٩٨٧ تا ١٩٩٠ کراوەتە سەرۆکی ئەرکانی سوپای عێراقی، پاشان تا کاتی هەڵاتنەکەی شوێنی بەرز و دیاری لە سوپادا هەبووە.

نەزار خەزرەجی کە یەکەم جار بۆ کەناڵی (MBC) ئێم بی سی عەرەبی دوا، دەربارەی تاوانبارکردنی وەک تاوانباری جەنگ. بە شانازیەوە گوتی: "سەرۆکایەتی ئەرکانی سوپا، سوپای قارەمانی عێراق، هەروەها من بێتاوانین لەو تاوانبارکردنانە و لەو تاوانانەی دژی کوردان کراوە." نەزار خەزرەجی ئێستاش شانازی بە سوپای عێراقەوە دەکا! ئەو سوپایەی تاوانبارە لە هەموو

ئەو تاوانانەی بەرامبەر بە خەڵکی کوردستان کراوە. ئەو سوپایەی لەوەتەی دروست بووە بە هەموو جۆرە چەکێک بۆردومانی ڕاست و چەپی کوردستان دەکا. ئەو سوپایەی هەڵەبجەی دایە بەر بۆمبی کیمیاوی و بە هەزاران ڕۆڵەی کوردی خنکاند. ئەو سوپایەی بە هەزاران بارزانی شونبزر کرد. ئەو سوپایەی دوای هەزار و ئەوەندە ساڵە ئەنفالی شومی دووپات کردەوە و بەسەدان هەزار ڕۆڵەی نەتەوەی کوردی لەناوبرد و هەزاران گوند و شارۆچکەی کوردستانی سوتاند. ئەو سوپایەی لەوەتەی دروست بووە کوردستان لە کورد پاکدەکاتەوە و بەعەرەب دەکا. ئەوە ئەو سوپایەیە کەوا نەزار خەزرەجی ناپاک شانازی پێوە دەکا!

سوپای داگیرکەری عێراق تاوانبارە لە هەموو ئەو تاوانانەی بەرامبەر بە نەتەوەی کورد کراوە، هەموو ئەوانەی لەم سوپایەدا بەشداریان هەبووە، کەم و زۆر تاوانبارن. ژەنەڕاڵ و ئەفسەرە پلە بەرزەکان هەرهەموویان تاوانبارن، جا چجای سەرۆکی فەیلەقی یەک کە فەرمانی سەربازی ڕاستەوخۆ لە ناوچەی کوردستان جێبەجێکردوە. یا سەرۆکی ئەرکانی سوپا کە ڕاسپاردەکانی سەدام حوسێنی دیکتاتۆری ڕاستەوخۆ و بێ یەکودوو کردوەتە فەرمانی سەربازی و جێبەجێی کردوە.

نەتەوەی کورد گەر خاوەنی کەسایەتی خۆی بێ، پێویستی بەوە نییە گوێ لە نەتەوەی عەرەبی باڵادەست و داگیرکەر بگرێ، بزانی داخوا ئەوان چی دەڵێن! یا بیر لەوە بکاتەوە کە ئایا چی بڵێ باشە، کە نەبێتە هۆی ورووژانی ئەوان! نەتەوەی کورد گەر نرخی تاکی کورد، خاکی کورد، کەلتووڕ و سەروەری کوردی بزانیایە، دەبوایە نەک دوودڵی لە تاوانباری نەزار خەزرەجی بکردایە، بەڵکو بە هەزارانی بڕژابوونایە سەر شەقامەکانی ولاتەکانی ئەوڕوپا و جیهان، داوای دادگاییکردنی ئەم تاوانبارەیان بکردایە.

لـە کاتـێکدا پـارتی و یـەکـێتی پـاکانە بـۆ تاوانـباریی نـەزار جـەزرەجی دەکـەن، ڕۆژنامـەی پۆلیتیکنی دانیمارکی لە ٢٠٠١/١٠/١٩ دا بەڵگە و دەکومێنت لەسەر تاوانـەکانی نـەزار خـەزرەجی بڵاودەکاتەوە. ئەوانەی بەخۆیان دەڵێن نوێنەری کـورد بەرگـری لـە کوردکوژ دەکـەن، کـەچی ڕۆژنامەیـەکی دانـیمارکی کە فڕی بەسەرکوردەوە نییە، بەرگری لە نەتەوەی چەوساوەی کورد دەکات!

لەکاتـێکدا سـەدان هـەزار قوربـانی و شـەهیدی کـورد چـاوی لـە هـەنگاوی نەترسـانە و کوردانەیـە، کـەچی نـەک هـەر تـەنها هیوابـڕاو دەکـرێن بەڵـکو بەرگـریش لـە بکوژانیـان دەکرێ! بەڵام خۆ ئەمە یەکەمجار نییە کردەوەی لەم جۆرە دەکەوێتە بەرچاو، ئەمە یەکەمجار نییە کەوا لاوازی و خۆ بەکەمزانین بـە داگیرکـەرانی کوردسـتان پیشـان دەدرێ، ئەمـە یەکـەمجار نییـە دڵسـۆزی بۆ نەتەوەی براگەورەی داگیرکەر دەردەبڕدرێ!

لـەو کاتـەی نـەزار خـەزرەجی سـەرۆکایەتی فەیـلەقی یـەک و ئـەرکانی سوپای عـێراقی داگیرکـەر بـووە لـە هەشـتاکاندا، دڕندانەتـرین تـاوان ، گینۆسـاید و پـاکتاوکردن دژی خەڵـکی کوردسـتان بـە بـەربڵاوی لـەئارادا بـووە. بۆیـە هیـچ گومـان لـە تاوانـباری نـەزار خـەزرەجیدا نییـە. ئـەوەی بەرگـریش لـە نـەزار خـەزرەجی دەکـات، خـۆی دەهاوێتە خانـەی ئەو، ئەوەی پاکانە بۆ تاوانەکانی ئەو تاوانبارە دەکات، پاکانە بۆ تاوانەکانی هەڵەبجە و ئەنفالی شوم دەکات.